# پەتای تاعون وکاریگەریەکانی لە کۆمەلگەی ئیسلامیدا لەسەدەی٩ك/١٥ز (( توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاریە))

(PP 71 - 85)

**د.مەهدی عوسمان هەروتی**

زانکۆی کۆیە

**مـێژووی وەرگـرتن: 2015/10/27**

**مێژووی پەسندکردن: 2016/03/28**

**پوختە**

سەدەی نۆی کۆچی بەرامبەر پازدەی زایینی یەکێك لەسەردەمە پر لەنەهامەتی وکارەساتەکانی جیهانی ئیسلامیە,بەتایبەتیش کەئەم سەدەیە چەندجارێك بلاێوبوونەوەی پەتای تاعونی بەخۆوە بینی, دیارە ئەم پەتایە رۆلێکی زۆر مەترسیداری گێراوە لە مێژووی میللەتان . لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر خەلکی لەنێو بردووە, دەردەسەری زۆری ناوەتەوە لەرێی دروستکردنی تەگژەی ئابووری , هەروەها مردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان ولەئەنجامدا لەدەستدانی هیێزی کاری بەرهەمهێن ودواتریش بەم هۆیەوە قات وقری زۆر دروست بوون .

ئەم توێژینەوەیە لێکۆلینەوەیەکی شرۆڤەکاریە بۆ کاریگەریەکانی پەتای تاعون ,سەرەتا تاعون لەرووی زمانەوانی و ماناوە باسی لێوە کراوە,لەدوای ئەوە هەولدراوە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی هەموو ئەو پەتایانەی رویانداوە بخرێتەروو , ئینجا رۆلی دەسەلات لە بەرەو رووبوونەوەی ئەم نەخۆشیە سامناکە بەکورتی ئاماژەی بۆکراوە ,لەکۆتاییشدا لێکۆلینەوە بۆ دەرەنجامەکانی پەتایەکە لەسەر بوارە جۆربەجۆرەکانی وەکو ئابووری کۆمەلایەتی و ئاینی وهزری... کراوە.

## پێشەکی

تاعون نەخۆشیەکی لەناوبەرە وزۆربەخێراش بلاودەبێتەوە وزیانی گیانی کوشندە بەمرۆڤایەتی دەگەیێنێت و دەبێتە مایەی لەناوچوون وئاوارەبوونی مرۆڤەکان هەروەکو لەرابردوودا روویداوە . لەلایەکی تر تاعون خەلکی بەرەو رووی بریاری زۆر سەخت کردۆتەوە لەسەر ئاستی تاکەکەسی وگشتی : لەوکاتەی ئەندامانی خێزانەکەی تووشی دەبن .ئایا کۆچ دەکات وجێیان دێلێ ؟وەبۆکوێ؟ وەچۆن مامەلەیان لەگەلێ دەکات ... ئەمەو چەندین پرسیاری تر .واتە ژیانی رۆژانەی هەمووان دەوەستێ, هەندێکیان کۆچ دەکەن ورادەکەن هەمووشتێ جێدێلن ودەچن بۆ شوێنی دوور لەئاوەدانی وپەتا , ئەوانی تر خۆیان گۆشەگیر دەکەن لەمالەکانیان وچاوەرێی نەخۆشیەکە دەکەن .ئەو دەرمان وخۆراکانەی بۆچارەسەری بەکاردەهێنرێن شوێنی سفرەی خۆراکەکانی تر دەگرنەوە .

هەربۆیە لێکۆلینەوە لەپەتاو نەخۆشی لەمێژووی سەدەکانی ناوەراستی ئیسلامیدا یەکێك لەگرنگترین لییکۆلینەوە ناتەقلیدیەکانە , لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی مێژووی ژینگەیی وتەندروستی کۆمەلگاکانی ئەو سەردەمەیە, بەتایبەتی سەدەی نۆی کۆچی بەرامبەر پازدەی زایینی .بابەتی تاعون لەبەر ئەوەشە گرنگی خۆی هەیە کەتیشك دەخاتە سەر لاپەرەی ئەونەهامەتی وکارەساتانەی کە خەلکی ئەو سەردەمانە پێیدا رۆیشتوون , چۆن کاریگەری گەورەو دیاری لەکۆمەلگاکان جێهێشتووە .هەروەها لەبەرئەوەشە کەچیرۆکنووسی فلۆرەنسی (جیوفانی بوکاتشیو"م:١٣٧٥ز") دەلێت :"ئەرکێکی مرۆڤانەیە بیرلە کارەساتەکانی رابردوو بکەیتەوە کاتێك بتەوێت لەئێستا و داهاتوو بروانیت "(جوزيف بيرن:2014,ص439).

سەبارەت بەناوەرۆکی لێکۆلینەوەش ئەوا پێکهاتووەلەچوار تەوەرە :کەلەتەوەرەی یەکەمدا ناساندنێك بۆ پەتای تاعون کراوە لەتەوەرەی دووەمیش :هەولدراوە ژمارەیەك لەهۆکارەکانی سەرهەلدان وبلاوبوونەوەی پەتای تاعون بخرێتە روو.لەتەوەرەی سێیەمیش هەموو ئەو تاعونانەی لەماوەی سەدەی ناو براو روویانداوە بەشێوەی کرۆنۆلۆژی خراوەتە روو. هەرچی تەوەرەی چوارەم وکۆتاییشە ئەوە هەریەك بەجیا ئەو کاریگەریانەی لە ئەنجامی پەتای تاعون کەوتوونەتەوە بەنموونەوە قسەو باسیان لەسەرکراوە کەبەسەر دانیشتوندا هاتوون .

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کەزۆربەی سەرچاوەکان زانیاری تەواوو دوورودرێژ لەسەر تاعون بەدەستەوە نادەن وەك بلێی بیانەوێ کاریگەریەکانی بشارنەوە, تەنها لێرەو لەوێ توانراوە زانیاریەکان بەدەست بخرێن بەپشت بەستن بە شیکردنەوەو

هەلسەنگاندن توانراوە ووردەكاریەكان روون بكرێنەوە, ئەگەر چی ئەم پەتایە لەم ماوەیە بەدەیەهاو هەزارەهای لەخەلێك گیان سپاردوون , لەبەر ئەوە هیوادارم سەركەوتوو بووبم لە پێدانی مافی بابەتەكە بەگوێرەی رێبازی زانستی تەواو .

**1. تەوەرەی یەكەم**

**أ-** لەرووی زمانەوانیەوە: بەكارهێنانی ووشەی تاعون (طاعون) لەسەر وەزنی (فاعول)ە لە(طعن) واتە: (لێدان بەتیغ-پێداكێشان بەشمشێر-بە رم) وەرگیراوە بەلام لەبنەچەی وشەكەیان گۆریوە و بەوجۆرە بەكارهاتووە كەمانای مردنی گشتی بگەیەنێ وەكو پەتا وەبەشێوەی كۆ بە(الطواعین) دەنووسرێت (الرازی:2009,ص167), هەروەكو دەگوترێت(طعن) لێیدرا-پێیداكێشرا وەئەو لێیدراوە-پێیداكێشراوە, وە(طعین) كاتێك تووشی نەخۆشی تاعون دەبێت(البخاری:2004,ص153). واتە بەگشتی (الطاعون) تاعون مردنە بەپەتا ,وە كۆ یەكەشی (الطواعین)ە (أبن خاتمة:2005,ص129).

ب- لەرووی ماناوە :برین- یان هەوو تلۆقكردنی زامی لای دەرەوەی جەستەی مرۆڤ (ابن خاتمة:2004,ص130), وە لەچەند جێگایەكی جیاوازی جەستەدا كۆدەبێتەوە ,وەك تەنگە(تەنیشت سك) ,یان بن بال ,یان دەستەكان ,یاخود چەند شوێنێكی تری جەستە هاوكات لەگەلیدا گرێ-ئاوسان وژانی زۆری لەگەلدایە ,وەلەدیاردەكانیشی زۆرن وەكو تێكچونی هەست ومیزاج ,تای گەرم ,ئارەقەكردنێكی زۆر, تەنگە نەفەسی و سەرەسوورە وووشكبوونی ناودەم, وهەستكردن بەتەنگی سینگ ,هێلێنج هاتن ورشانەوە(ابن خاتمة:2005,ص133-134؛ابن حجر العسقلانی:بذل الماعون:د.ت,ص98-99).

(ابن حجر العسقلانی)بەو جۆرە پێناسەی تاعون دەكات ودەلێت :"ئەونەخۆشیەیە كەهەواو جەستەو میزاج بەهۆیەوە بۆگەن دەبێت وتێكدەچێت, مادەیەكی ژەهراویەو گرێ و ئاوسانێكی بكوژ دروست دەكات لەشوێنی نەرم وشل یان فشەل ,بەهۆكاری ئەوەی خوێنێكی خراپەو بەرەو بۆگەن وتێكچوون دەچێت" ( :د.ت,ص98-99).كەواتە گرێ و ئاوسانێكە لە ووروژان یان خرۆشان وكۆبوونەوەی خوێن دروست دەبێت ولەئەنجامدا كاریگەری دەبێت لەسەر ژمارەیەك لە ئەندامانی جەستەو هەندێكیان بۆگەن دەكات وتێكدەدات بەتایبەتی لەو ناوچانەی جەستە كە نەرم شل وفشەلن([1]) (البخاری:2004,ص154). نەخۆشی تاعون چەند شكل وشێوەیەك وەردەگرێت وەك ئاماژەمان بۆكرد كەگرێ و ئاوسان یان لەشێوەی پۆقلە (هەلتۆقیو)یان كیس. وەك لەهەندێك لە فەرموودەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئاماژەی بۆكراوە لەمانە وەك دەفەرمووێ:" الطاعون غدە كغدە الابل"(البخاری:2004,ص168؛السیوطی:مخطوطة,ص8). لەبەر ئەوەیە ئەو جۆرە ناوبراوە بە (الدبلی- الغددی)([2])(محمد حمزة:2009,ص19؛جوزیف بیرن:2014,ص24-27).هەروەها دووجۆری تریش هەن بەناوی تاعونی (رئوی)سی-سینگ([3]) (جوزیف بیرن:2014,ص23), وە (الدموی- التسممی –العفنی) خوێنی وژەهراوبوون([4]) (محمد حمزة:2009,ص20).

شایەنی باسە هەرچەندەی وولات پەتادار بێت بلاوبوونەوەی تاعون تێیدا زیاترو بەپەلەتر بلاودەبێتەوە لەبەر ئەوەی پەتا جولێنەری تاعونە (الشوكانی:1973, 85/1).جێگای باسە زانایان جیاوازیان لەنێوان تاعون وپەتادا كردووە ,وەگرنگترین شت كە هانی داون بۆ ئەمە ئەسلی تاعونە كەپزیشكان لەسەرەتادا هیچ هەولی بەرلێگرتنیان نەداوەو تەنانەت پێناسەشیان بۆ نەكردووە, بەسیفەتی ئەوەی كەلێدان یان پێداكێشانی (ئەجندە) جنۆكەیە (الهاشمی:2002,ص133) . لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوا لەسەر بێت) كە دەفەرمووێ:"الطاعون شهادە لامتی ووخز أعدائكم من الجن" (ابن حنبل:د.ت, 395/4؛ البخاری:2004,ص156-157؛ السیوطی:مخطوطة,ص6). ئەمەش زۆرجیاواز نیە لەگەل ئەوەی زانایان باسیان كردووە كەلە ووروژان یان خرۆشان و كۆبوونەوەی خوێن لە یەكێك لە ئەندامانی جەستەو دواتر بۆگەن كردن وتێكدانی , ئەمەش لەوانەیە لەئەنجامی لێدانی ناوەوەی بێت (البخاری:2004,ص154؛ ابن حجر العسقلانی:د.ت,ص105).

تاعونی سەردەمەكانی كۆن وسەرەتای سەدەكانی ناوەراست بەزۆری سەرچاوەی تووشبوونەكەیان نادیاربوو بەپێچەوانەی پەتا كە زۆربەی كات سەرچاوەكەی دیارو ناسراوبوو, ئەمەش مێژوونووسان وزمانزانانی ناچار كردووە كەجیاوازی لە نێوانیاندا بكەن وتاعون بەپەتا دابنێن نەوەكو پێچەوانەكەی (البخاری:2004,ص154؛ نصیربهجت فاضل:2011, 6-2/2-3). بەلام لەسەردەمانی دواتردا هەر زانایانی سەدەكانی ناوەراست جیاوازیان لەنێوان ئەو تاعون وپەتایانەی توشی كۆمەلگە دەبوو كردووە بەوەی تاعون

---

[1]) لەراستیدا نەخۆشی تاعون هەوكردنێكی بەهێزی بەكتیری درێژخایەنە ولەرێگەی مشك وجورج,كێچ, وهەناسەو خوینەوە دەگوازرێتەوە, بن بال وبن ران و لیمفە گرێیەكان و سینگ توشی هەوكردن دەكات ,دواتر دەبێتە هۆی ژەهراوی بوونی خوێن و كوشتنی كەسە توشبووەكە . لەنیشانەكاني تری بوونی تایەكی گەرم ولەرزین وژانی ماسولكەكان وسەرەسوورەو رشانەوەو بێهێزی ,لەماوەی نزیكەی چوار رۆژدا كۆتایی بەژیانی نەخۆشەكە دەهێنێت.بۆ زیاتر زانیاری (بروانە:جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٢؛شلدون واتس:٢٠١٠,ص٧١-٧٢؛ .www.Ideas.health.Vil.gov.au )

[2]) ئەم جۆرەیان لەسەر پاشماوەی جەستەی مردوو ومشك جورج, كێچ بلاودەبێتەوەو بۆ مرۆڤیش دەگوازرێتەوە.(بروانە:محمد حمزە :٢٠٠٩,ص١٩؛ جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٤-٢٧)

[3] ) ئەم جۆرەیانە كە لەرێگەی هەناسەوە دەگوازرێتەوە.(بروانە:محمد حمزە:٢٠٠٩,ص١٩؛ جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٣)

[4] ) ئەم جۆرەیان لەرێگای خوێنەوە زیاد دەكات وبلاو دەبێتەوە.(محمد حمزە:٢٠٠٩,ص٢٠) .

بەپەتا دادەنێن لەبەرئەوەی وای بۆدەچن کەپەتا فراوان وگشتگیرترە, چونکە تاعون جۆرێکە لەجۆرەکانی پەتا . ئەمەش لەدوای ئەوەوەهات کە پزیشکانی موسلمان گەیشتن بەراستی ئەو پەتایە کە دە سەدە بوو لەنەخۆشیە نەناسراوو نادیارەکان بوو .ئەمەش لەسەردەستی پزیشکانی ئەندەلوس وبەهەوڵ وکۆششی دوو لەزانا دیارەکانیان بوو ,یەکەمیان:(ابن خاتمە"م:٧٧٠ك/١٣٦٨ز") پزیشك لەکتێبەکەی بەناوی (تحصیل غرض القاصد فی تفصیل المرض الوافد) ,وە دووەمیان :(لسان الدین ابن الخطیب "م:٧٧٦ك/١٣٧٤ز") خاوەنی نامەی (مقدمە السائل عن المرض الهائل) بوو ,کەگەیشتن بەو راستیانەی لەبارەی تاعون ودوای ئەوەی ناوی ئەو تاعونە جیهانیەش دەبەن بە (المرض الوافد-یان-الموت الاسود) کە هاوچەرخی خۆیانە کەلەساڵی ٧٤٩ك/١٣٤٨زسەرهەڵدەدات ,جۆرەکانی ئەو تاعونەش دیاری دەکەن وئەوەش روون دەکەنەوە کە نەخۆشی تاعون دەگوازرێتەوە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ,زۆر گرنگە دووربکەونەوەو تێکەلیی لەگەل توشبووەکان نەکرێت, وەدەڵێن :دەستکاری نەخۆش بکەیت یان جل وبەرگی ونوێنی بەکار بێنی ,وەنەخۆشەکە خوێن برشێتەوە یان گرێی لێبێت ئەوەی تریش بەهەمان شێوەی لێدێت وبەمە تەشەنەدەکات بۆ خەلکی تریش (ابن خاتمة:2005,ص160؛محمد محمد مفتی:2005,ص105-106؛ خضیر عباس المنشداوی:2012,ص135-136). شایەنی باسە لەگەل ئەوەشدا زۆرجار لەسەرچاوە مێژووییەکان بە ژمارەیەك لە نەخۆشیەکان ووتراوە تاعون (البخاری:2004,ص155؛ ابن حجر العسقلانی:د.ت,ص104-108؛السیوطی:مخطوطة,ص10؛غامس خضیر حسن الدوری:2004,ص203).

## 2. هۆكارەكانی بلاوبوونەوەی پەتای تاعون

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەرچاوە مێژووییەکاندا زۆر بەدەگمەن نەبێت باس لەو هۆکارانە نەکراوە کەدەبنە هۆی بلاو بوونەوەی پەتای تاعون وتەشەنەکردنی وەك پەتایەکی بەربلاو. بەلام بەر لەهەموو شتێك هەروەك زانستی نوێ سەلماندوویەتی پەتای تاعون هەوکردنێکی بەهێزی بەکتیري درێژخایەنە ولەرێگەی مشك وجورج وکێچ وهەناسەو خوێنەوە دەگوازرێتەوە بەهەمان شێوە جۆروهۆکاری بلاوبوونەوەی هەریەکێك لەجۆرەکانی ئەوپەتایەش لەسەرچاوەکان دیاریکراوە لەمانە وەك:

تاعونی (الدبلی-الغددی)(البخاری:٢٠٠٤,ص١٦٨؛ السیوطی:مخطوطة,ص٨؛بروانە: محمد حمزە :٢٠٠٩,ص١٩؛ جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٤-٢٧),یان(رئوی-سیی-سینگ) (جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٣),یان(الدموی-التسممی-العفنی)( محمد حمزە :٢٠٠٩,ص ٢٠)واتە:خوێنی وژەهراوی بوون,هەرچی جۆری یەکەمیانە ئەوا بەرێگەو مانەوەی لەسەر پاشماوەی جەستەی مردوو ومشك وجورج وکێچ بلاو دەبێتەوەو هەرلەو رێگەیەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە(بروانە:محمد حمزە :٢٠٠٩,ص١٩؛ جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٤-٢٧).

بەلام جۆری دووەم لەرێگەی هەناسەوە دەگوازرێتەوە.(بروانە:محمد حمزە:٢٠٠٩,ص١٩؛ جوزیف بیرن:٢٠١٤,ص٢٣) , جۆری سێیەمیش واتە تاعونی الدموی –واتە خوێنی وژەهراوی بوون ئەمەشیان لەرێگەی خوێنەوە زیاد دەکات وبلاو دەبێتەوە. .(محمدحمزە:٢٠٠٩,ص٢٠) .

بەلام یەکێك لەهۆکارە هەرە کاریگەرەکانی کەلەسەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە زیندەوەرە کرێنەرەکانی وەك مشك وجورجن کەژمارەیان زۆر دەبێت ولەئەنجامی هەلگرتنی ئەو کێچانەی کەلەلەشیاندا هەیە, بەرلەمردنیان دەیگوازنەوە بۆ مرۆڤ (الصاوی:١٩٨٨,ص١٢٥) لەبەر ئەوەی لەشی مرۆڤ شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ زاوزێکردنی وەلەکاتێکدا کەمرۆڤ یان دەست ناکەوێ تیایدا نیشتەجێبن ئەو کێچانە لەنێو دانەوێلەدا بۆ ماوەی پازدە رۆژ دەمێننەوە , یاخود لەنێو ئەو شتانەی کەنەرم ولەرەنگدا سپین وەکو ئەو جلانەی لەخوری دروست دەکرێن وەهەروەك دیارە دانەوێلەو جل وبەرگیش لەشتە هەرەگرنگەکانی کەلو پەلی بازرگانی بوون وەلە گواستنەوەو بردنی کەل و پەلەکانی بازرگانی یەکێك لەرێگا هەرە گرنگەکانی بلاوکردنەوەی تاعون بوو.(شلدون واتس:٢٠١٠,ص٧٢-٧٣).

هەروەها کێچ گەراکانیان لەو زەویە لمر و وخۆلاوی وشوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ وشوێنی مشکەکان دادەنێن لەدوای پێگەیشتنی گەراکان بێچووەکان خۆراکیان دەکەوێتە سەر پاشماوەی پیسایی مشك وپشیلەو مرۆڤەکان ئینجا لەوێوە بەرەبەرە گەشەدەکەن ودەبن بە زیندەوەرێکی تەواو(شلدون واتس:٢٠١٠,ص٧٢-حاشیە"٢").

مشکیش زیاتر شوێنە نیشتەجێبووەکانی نزیك لەشوێنی مرۆڤ ونزیك لەکۆگاکانی دانەوێلەو خۆراك دادەمەزرێنێت بۆیە ئەمەش زیاتر یارمەتیدەر دەبێت لە بلاوبوونەوەی پەتایەکە.ئینجا لەبەر بوونی کۆگای دانەوێلە زیاتر لە گوندەکان بۆیە ئەمر دیاردەیە زۆرتر لەو ناوچانە سەرهەڵدەدات بەلام دواتر دەگوازرێتەوە بۆ شارە گەورەکان . سەرەرای ئەمانە باڵندەو گیانلەبەری کێویش گومانی تێدانیە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر گواستنەوەی نەخۆشی تاعون ,بەتایبەتی باڵندە کەپەلەوەرێکی گەرۆکەو بۆ چەندین ناوچە کۆچ دەکات وهەواو ئاو هەڵدەمژێت وخۆراك دەخوات ودواتر لەگەل خۆی دەیبات بۆناوچەی تر وبەکتیریاو ڤایرۆسەکانیش لەگەل

خۆیدا دەگوازێتەوە, بەلگەش بۆ ئەمە ئەو پەتا جیهانیەیە كەلەسالی ٨٩٧ك/١٤٩٢ز روویداو چارەگی دانیشتووانی سەر رووی زەوی لەناو برد وهەمووبالندەو گیانلەبەرانی تریشی گرتەوە(ابن العماد الحنبلی:د.ت,٤-٣٥٩/٧).

هەروەها سەرەرای ئەوەی لەئەنجامی هەلمەتە یەك بەدوای یەكەكانی هێزە سەربازیەكان و كردارە لەشكر كێشیەكانیان ,یان بەهۆی گەمارۆو بلاوبوونەوەی برسیەتی كەلە شارەكان ئەنجامیان دەدا دیسان دەبووە هۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی وپەتا بەتایبەتی لەوكاتانەی تووشی برسیەتی دەبوون وبەرگری لەشیان كەم دەبۆوە یان پاشماوەو خۆراكی پیس وماوەبەسەرچوو وگەندەیان دەخوارد بەمەش ئەم پەتایەیان لەنێویان بلاودەبوویەوەو بەژمارەی زۆری لەنێو دەبردن نموونە هەروەكو ئەو پەتا تاعونەی لە سالی ٨٦٣ك/١٤٥٨زلەخۆراسان لەئەنجامی ململانێی سەربازی بلاوبوویەوەو ناوچەی دیكەشی گرتەوەو هۆكارێكیش بوو بۆ بلاوبوونەوەی برسێتیەكی زۆر كاریگەرلەناوچەكە(بروانە: (السخاوی:1995, 734/2-735؛ السیوطی:مخطوطة, ص15؛ابن العماد الحنبلی:د.ت,4-303/7؛یعقوب ازند:١٣٦٨,٢/٥٤-٥٥) .سەرەرای ئەوەی لەئەنجامی كوشتاری زۆرو كەلەكەبوونی جەستەی مردووەكان بەسەر یەكتری وبۆگەن بوونیان وپیسبوونی ژینگەی ناوچەكە لەرووی هەواوە ودواتر گواستنەوەی لەرێگەی با بۆ ناوچەی دیكە یان بارینی باران بەسەریداو تێكەلبوونی بەئاوی خواردنەوەی بیرو رووبارو جۆگەلەكان .یاخود لەرێگەی مێش ومەگەزەوە بەرەبەرە تەشەنەی دەكرد بۆ خەلك وناوچەی دیكە ,ئەوەتا هەروەكو (علاء الدین ابن النفیس)لەكتێبی (الموجز فی الطب)دەلێت:"پەتا لەپیسبوون وبۆگەنبوونی هەوا سەرهەلدەدات كەبەهۆكاری ئاسمانی یان زەمینی توشی دەبێت :وەلەزەمینی :ئاوی وەستاوو بۆگەن وپاشماوەی زۆری مردوو ,كەلەشوێنگەی شەرەكان كاتێك مردووەكان نانێژرێن, وەلەوخاكەی ئاوی زۆری تێدا كۆدەبێتەوە,وە زەلكاوو بۆگەنەو زیندەوەرو بۆقی زۆرە. وەلەئاسمانیەكان :زۆری نمەو داباریینی باران لەكۆتایی هاوین وبەهاردا, وەزۆری نزیكبوون لەباشوورو گەوارەو بروسك لەهەردوو مانگەكانی كانوونی (یەكەم ودووەم), وەكاتێك هێماكانی باران بارین لەزستان زۆردەبێت بەلام باران ناباریت,وەئەمانەش هەمووی پشتی بەتاقیكردنەوە بەستاوە".(ابن النفیس -نقلاعن-ابن الحجر العسقلانی:بذل الماعون,ص١٠٠-١٠١) .

هەروەها بەشێكیشی هۆكارەكەی دەگەرایەوە بۆ قەرەبالغی مال و شارەكان , بەتایبەتی لەوكاتانەی كە شەرو ئاژاوە كەم دەبۆوە ژمارەی دانیشتووان لەشارە گەورەكان زیادیان دەكرد, ئەمەش بێگومان زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزانەكانیشی دەگەیاند, لەلایەكی تر ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتووان دەبووە هۆی بوونی ژمارەی زۆری خانوو ,و شوێنی نیشتەجێبوون ئەمەش هەروەكو (ابن خلدون"م:٨٠٨ك/١٤٠٦ز") دەلێت:" سەرهەلدانی پەتا هۆكارەكەی بەزۆری بۆ بۆگەن بوون وپیسبوونی هەوا دەگەرێتەوە, كەبەهۆی زۆری بنیادنان و(خەلكی زۆرو ئەو شێ وهەوا پیسەی بلاو دەبێتەوە تیایدا... ".(:١٩٩٩,ص٢٢٩) لەبەر ئەوە ناوبراو ئامۆژگاری بەوەدەكات كەپێویستە بۆشایی وهەوا گۆركێ لەنێو خانووەكان وكۆشك وتەلارەكاندا هەبێت بۆ ئەوەی با و هەوا لەنێوانیاندا جولە بكات وبێت وبچێت.لەهەمان كاتدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ كەمردن لەو شارانەی خانوو وكۆشك وتەلاریان زۆرە ,زۆر زیاترە بەبەراورد بەشارەكانی تر.

بەهەمان شێوە هەردوو زاناو پزیشكی موسلمانی ئەندەلوس( ابن خاتمە"م:٧٧٠ك/١٣٦٨ز") و(لسان الدین ابن الخطیب "م:٧٧٦ك/١٣٧٩ز") لەسەر ئەوە هاوران كە هۆكاری بلاوبوونەوەو گواستنەوەی نەخۆشیەكان بریتیە لە هەناسەی تێكچووی نەخۆش كاتێك لێی نزیك دەبیتەوە , یان كرین وفرۆشتن وبەكارهێنانی جل وبەرگ وپێخەفی كەسە تووشبووەكانە , كەلەبازارەكان مامەلەی پێوە دەكرێت. وەئامۆژگاری بەوە دەكەن كە تێكەلی لەگەل تووشبووەكان نەكرێت, وەدەلێت: دەستكاری نەخۆش بكەیت یان جل وبەرگی بەكاربێنیت وەنەخۆشەكە برشێتەوە یان گرێی لێبێت ئەوەی تریش بەهەمان شێوەی لێدێت وبەمە تەشەنە دەكات بۆ خەلكی تریش(ابن خاتمە:٢٠٠٥,ص١٠٩,١٦٠؛محمد محمد مفتی:٢٠٠٥,ص١٠٥-١٠٦) لەبەر ئەوەی هەروەكو لەسەرەتادا باسكرا نێو جل وبەرگ وپێخەف شوێنی مانەوەو هەلگری ئەو ڤایرۆس وبەكتیریایانەیە كەلەنەخۆشەكە جیا بوونەتەوە.

ئەمەو سەرەرای بوونی ژمارەیەك هۆكاری دیكە بۆ بلاوبوونەوەی پەتای تاعون(بۆزیاتر زانیاری سەبارەت بەهۆكارەكانی بلاوبوونەوەی پەتای تاعون بروانە:د.مهدی عوسمان هەروتی:٢٠١٥,ل١٥٢-١٦٤).

**2. گرنگترین ئەو تاعونانەی تۆماركراون**

لەماوەی سەدەی نۆی كۆچیدا ژمارەیەكی زۆر لەپەتای تاعون لەناوچە جیاجیاكانی جیهانی ئیسلامیدا روویانداوەو لەسەرچاوەكاندا تۆماركراون كە لەگرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

ئەوەتا یەكەم پەتای لەم جۆرە كەلەسەرەتای سەدەكەدا روویدابێت ئەوەیانە كە لەسالی ٨٠٦ك/١٤٠٣ز لەئەنجامی هەلكردنی بایەكی گەرم لەمیسرو شام بلاوبوویەوە وداوودەرمانیش نرخیان بەرزبوویەوە ئەمەش كاریگەری كردەسەر ئەوخۆراكانەی كەوەك چارەسەری بەكاردەهێنران (العینی:2012,ص357؛ السخاوی:1992, 431/1؛ احمد تتوی:1382, 4976/7) .

لەسالی ٨٠٨ك/١٤٠٥زتاعون دیسان لەمیسر بلاوبوویەوەو بەگوتەی (السخاوی )تەنها لەشاری ئەسیوت دەهەزار كەس گیانیان لەدەستدا, ئەمەو چەند ژمارەیەكی تری قوربانیان بەلام پەتای ناوبراو له بەهاری هەمان سال بەكۆتا دێت ( :1992, 441/1) .

وەلەسالی دواتردا واته ٨٠٩ك/١٤٠٦ز ئەمجاره لەتەبریز(احمد تتوی:1382, 5024/7؛ یعقوب ازند:1368, 151/2) و میسر پەتای تاعون بلاوبوویەوەو بووه هۆی كوشتنی ژمارەیەك خەلك (حافظ ابرو:1371, 168/2؛ ابن حجر العسقلانی:1992,ص181؛ شیرین بیانی:1345,ص102) . وەلەسالی ٨١٠ك/ ١٤٠٧ز هەر باس لەبوونی پەتای تاعون دەكرێت بەلام له ئەسفەهان وموسل وشارەزوورو بەغداو دەوروبەری لە(میسریش كەلەوانیه هەر هی سالەكانی پێشووتری بیت) بوونی هەیە(السیوطی:2004, 237/2) , خەلكێكی زۆر لەناو دەبات (حافظ ابرو:1371, 217/2؛ العمری:د.ت,ص54) .

لەسالی ٨١٢ك/١٤٠٩ز تاعون لەحمس وتەرابلوس وحەما بلاوبوویەوە بەگوتەی سەرچاوەكان هەزارەها كەسی كوشتووه (المقریزی:1997, 230/6؛ ابن حجر العسقلانی:1986, 161/6). وەلەسالی دواتروانه ٨١٣ك/١٤١٠ز پەتای تاعون دیسان لەمیسر(السیوطی:مخطوطة,ص15)و ولاتی شام بلاودەبێتەوەو تاكو سالی دواتریش بەردەوام دەبێت وناوچەكوردیەكانیشی گرتۆتەوە بەتایبەتی شەنگال ودەوروبەری خەلكی زۆریشی كوشتووه (ابن حجر العسقلانی:1986, 404/1) ,لەگەل ناوچەكانی تەرابلوس وحۆران وبالس ودیمەشق وعجلون ونابلس لەشام (ابن العبری:2007,ص243؛ المقریزی:1997, 258/6؛ السخاوی:1992, 466/1). بەلام لەمانگی (زی الحجەی ٨١٣ك/مارس-ئازاری١٤١١زكاریگەریەكەی زۆر زیاتر بوو بەتایبەتی له دیمەشق (المقریزی:1997, 279/6؛ ابن حجر العسقلانی:1992, 235/6),هەر بۆیه مقریزی لەوەسفی بەهێزی ئەو پەتایەدا دەلیت:"ژمارەیەكی یەكجار زۆر بەهۆیەوە مردن" (: 1997, 279/6). هەروەها دەلیت :"سەرژمێری كرا لەوانەی لەدیمەشق ودەوروبەری مردن نزیكەی پەنجا هەزار كەس بوون,جگه لەوانەی نەزانرا, ژمارەیەك گوندو دیهات چۆلكران وكشتوكال وبەرهەم لەكێلگەكان مانەوەو كەس نەبوو دروێنەیان بكات " (:1997, 290/6؛ السخاوی:1992, 466/1؛ احمد تتوی:1382, 5066/7). لەسالی ٨١٥-٨١٦-٨١٨ك/١٤١٣-١٤١٤-١٤١٥ز ئاماژه هەیە لەسەر بوونی پەتاكە له وولاتی میسر ,رۆژانه سەدوبیست كەسی كوشتووه (المقریزی:1997, 348/6؛ ابن حجر العسقلانی:1992, 103/7؛السیوطی:2004, 238/2؛ ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-131/7).

بەلام لەمانەی پێشووكاریگەرتر ئەوەیانه كەلەسالی ٨١٩ك/١٤١٦ز بلاوبوویەوە ,ناوچەكانی عیراق وفارس وئەسفەهان وفاس و(ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-134/7) میسری گرتەوەوماوەی نزیكەی سالێكی خایاند (ابن حجر العسقلانی:د.ت, ص369؛ السیوطی:مخطوطة,ص15), ژمارەیەكی زۆری له دانیشتووانی ئەو وولاتانه لەناوبرد كه سەرچاوه مێژووییەكان چەندین ژمارەی جیاواز لەرێژەی قوربانیان دەخەنه روو لەم بارەیەوە (بروانە:المقریزی:1997, 6/404-412؛ ابن حجر العسقلانی:1986, 206/7؛ السخاوی:1992, 497/1؛ نوری عبد الحمید العانی:2002, ص98) .

وەلەسالی ٨٢٠-٨٢١ك/١٤١٧-١٤١٨ز(السیوطی:مخطوطة,ص15), بەتایبەتیش لەسالانی ٨٢٢-٨٢٣ك/١٤١٩-١٤٢٠ز دیسان پەتای تاعون لەناوچه كوردنشینەكان-كوردستان (المقریزی:1997, 409/6)و میسر بلاوبوویەوە (ابن حجر العسقلانی:د.ت,ص369؛ السیوطی:2004, 238/2) ,بەلام سەرەتا لەمیسر لەكەناری دەریا دەستی پیكرد وپاشان گەیشته شاری قاهیرەو دواتریش چەندین شاری دیكەی گرتەوەو رۆژانه ژمارەیەكی زۆر لەخەلكی ئەم وولاته بەوهۆیەوە لەگۆر دەنران(السخاوی :1992, 516,512,503/1), هەروەكو مێژوونووسان سەرژمێریان دەكەن به (١٠٠٠٠)دەهەزار كەس لەژن ومندال وكۆیلەو خانەدان وبەئاینزا جیاوازەكانەوە لەموسلمان وجولەكەو كریستانی(مەسیحی) (بروانە:المقریزی:1997, 6/ 499,493,491؛ابن حجر العسقلانی:1986, 358,347/7؛ السخاوی:1992, 502/1).

هەروەها لەسالێ ٨٢٥-٨٢٦ك/١٤٢٢-١٤٢٣زتاعون بەهەمان شێوه لەكوردستان (ابن العبری:2007,ص244)و میسر وشام بلاوبویەوە (ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-172/7؛ احمد تتوی:1382, 5159/8) , بەلام كاریگەریەكەی زیاتر بەسەر میسرەوە هەبوو بەتایبەتی لەشاری دومیات(المقریزی:1997, 80/7؛ ابن حجر العسقلانی :1992,ص291-292؛ السخاوی:1992, 531/1).

لەسالێ ٨٢٧-٨٢٨ك/١٤٢٤-١٤٢٥ز یش تاعونێكی گەوره لەناوچەكانی دیاربەكرو جەزیرەو نووسەیبین وموسل ماردین وتاكو هەكاری وئامێدیش ماوەیەك بەردەوام بوو وخەلكێكی زۆری كرده قوربانی (العمری:د.ت, ص55؛ عباس العزاوی:1936, 75/3). لەسالێ دواتریش واته ٨٢٩ك/١٤٢٦ز دیسان ئەم پەتایه بلاوبوویەوە بەلام ئەمجاره لەرۆژهەلاتی جیهانی ئیسلامی وئازەربەیجان وشیراز ,وەخالكێكی زۆر كەوتنه بەر مەترسیەكانی (یعقوب ازند:1368, 2/152-153) .

ئەمجاره لەسالێ ٨٣٣ك/١٤٢٩ز لەولاتی كوردان لە(شارەزوور وجەزیرەو دیاربەكر )(ابن العبری:2007, ص245؛ نوری عبدالحمید العانی:2002,ص98)و عێراق وشام ومیسر تاعونێكی بەربلاو تەشەنەی كرد(السیوطی:2004, 238/2؛ باقر امین الورد:1989,ص168), رۆژانه ژمارەیەكی زۆر لەخەلك گیانیان لەدەست دەدا,بەتایبەتیش لەمیسر كه زۆرترین رێژەی مردن

تۆمارکراوە, وەك سەرچاوە مێژووییەكان لەبارەیەوە دەدوێن(بڕوانە:المقریزی:1997, 7/203-207؛ ابن حجر العسقلانی:1992, 8/199-201؛ السخاوی:1992, 1/563),ئەمە جگە لەکاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل وخۆراك (نوری عبدالحمید العانی:2002,ص98). هەر ئەم تاعونە بەردەوامی هەبوو لەساڵی(٨٣٤ك/١٤٣٠ز) یش وخەلکی توشی نەهامەتی وسەرگەردانیەکی زۆر کرد ,ئەوەتا هەروەکو مێژوونووسان لەوەسفی کاریگەریەکەی دەڵێن:"خەلك نەیاندەتوانی مردووەکانیان بنێژن(لەبەر زۆری ژمارەیان)و بەدرێژایی شەویش خەریکی گۆر هەلکەندن بوون وتەنانەت بەکۆمەل دەیان ناشتن لەچاڵی گەورەدا یان (تاکو دەنێژران) سەگ بەشێکی جەستەی مردووەکانیان دەخوارد, بەدرێژایی شەو مردوو شۆرو حەمبال وکفنچیکان بەبەر نەدەکەوتن ,دارەبازەی مردوو لەشەقامەکاندا ڕێچکەیان بەستبوو بەدوای یەکدا..."( بڕوانە:المقریزی:1997, 7/208؛ ابن حجر العسقلانی:1992, 8/201؛ السخاوی:1992, 1/563) . شایەنی باسە ئەم پەتایە وەك تێبینی دەکرێت بەگوێرەی ئاماژەکانی مقریزی لەناوچە کوردیەکانی وەکو جەزیرەو دیاربەکرو چەند ناوچەیەکی تریش بەردەوامیان هەبووە بۆ ساڵێ دواتریش واتە ٨٣٥ك/١٤٣١ز ,یان دەکرێت بلێین دواتر گەیشتۆتە ئەم ناوچانە , ئەمەش بەوە دەردەکەوێت وەك ناوبراو باسی لێوەدەکات لەدوای هاتنی هێرش ولێشاوی کلۆو دروستبوونی گرانی وبرسیەتی هاتۆتە ئاراوەو خەلکێکی زۆر بەهۆیەوە گیانیان سپاردووە(.بڕوانە:1997, 7/231؛ السخاوی:1992, 1/574)

بەلام لەساڵێ ٨٣٨ك/١٤٣٤ز ئەمجارە لەسەرچاوەکان ئاماژە بەبوونی تاعونێکی گەورەوکاریگەر دەکرێت لەبەرەی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی وجیهان بەگشتی (ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-7/225) بەتایبەتی وەك ئاماژەی بۆکراوە تەنها لەشاری هرات نزیکەی (٤٧٠٠) چوارهەزارو حەفت سەد تابووت لەیەك ڕۆژدا ئامادەکراوە بۆناشتن ,یان لەماوەی مانگێك لەهەر بیست کەس یەك کەس مایەوەو خەلك بەکفنکردن وگۆر لێدان ڕانەدەگەیشتن (ئەگەرچی ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدایە بەلام مانای گەورەیی کاریگەریەکانی دەردەخات ),ئەمەو چەندین ژمارەی دیکەی جیاواز لەبارەی قوربانیان(بڕوانە:خوافی:1339, ص277-278؛ یعقوب ازند:1368, 2/153) . هەر ئەم پەتایە بۆ ساڵێ دواتر واتە ٨٣٩ك/١٤٣٥ز زیاتر تەشەنەی کرد و گەیشتە عێراق ودەوروبەری وناوچە کوردنشینەکان ورۆژهەلاتی ئیسلامی ولەکرمان وفساو برصا وهرات وبۆیەمەن وهەموو ڕۆژئاوای ئیسلامی لەوولاتی بەربەرو حەبەشە وخەلکێکی زۆری لەجیهان لەناوبرد بەتایبەتی لەچینی مندالان (ابن العبری:2007,ص246؛ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-7/229؛باقر امین الورد:1989,ص169).

هەرچەندە لەساڵێ ٨٤٠ك/١٤٣٦ز مقریزی دیسان ئاماژە بەبوونی پەتا دەکات لەشارە کوردیەکانی وەکو دیاربەکرو ئامەدودەوروبەری کە بەهۆیەوە خەلکی زۆر مردوون (:1997, 7/337), بەلام دەکرێت بە وورد بوونەوە لەوپەتا تاعونەی کە لەساڵێ٨٣٨-٨٣٩-٨٤١ك/١٤٣٤-١٤٣٥-١٤٣٧ز ڕوویانداوە و ئاماژەیان بۆکراوە ئەوە هەلێنجین :ئەم پەتایەی ناوچە کوردیەکانیش هەر بەشێك لەو شەپۆلێ پەتا تاعونیە کەلەساڵێ٨٣٨ك١٤٣٤ز دەستی پێکردووەو لەساڵێ(٨٤١ك/١٤٣٧ز) یش بەردەوامی هەبوو(ابن حجر العسقلانی:د.ت, ص370؛ ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-7/225؛ باقر امین الورد:1989,ص169؛ یعقوب ازند:1368, 2/154) .

هەروەها لەساڵێ٨٤١ك/١٤٣٧ز دا پەتای تاعونێکی بەربلاو لە تەبرێزو ڕۆژهەلات وعێراق (باقر امین الورد:1989,ص169؛ یعقوب ازند:1368, 2/154) وشام ومیسر بلاوبوویەوە(ابن حجر العسقلانی:د.ت, ص370؛ السیوطی:مخطوطة,ص15, ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-7/237) و تەنانەت بەشی زۆری جیهانیشی گرتەوەو گەیشت بە کیشوەری ئەوروپاش. شایەنی باسە مێژوونووسان لەبارەی ئەم پەتایە زیادەڕۆیی زۆریان تۆمارکردووە , بەتایبەتی سەبارەت بەعێراق تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بلێن لەشاری بەغدا لەهەر دوازدە کەس یەك کەس ماوەتەوە ,یان لە شاری حەدیسە لەکۆی گشتی تەنها حەوت کەس ماونەتەوە (نوری عبدالحمید العانی:2002,ص99),لەمیسریش چەندین نەهامەتی کارەساتی بەسەر هێناون لەلەدەستدانی دایك وباوك یان مندال, ڕۆژانە بەسەدەها کەس لەسەر تاتەشۆردا ڕیز دەکران و لەگۆر دەنران بەتایبەتی لەشاری قاهیرە نزیکەی (١٠٠٠٠)سەدهەزار کەس کەوتە بەر ئەم پەتایەو سەری نایەوە. مێژوونووسان لەبارەی بەسەرهاتەکانی ئەم پەتایە چەندین ڕووداو تۆمار دەکەن کەبەسەر خەلکەکەدا هاتووە لەترس ودلەڕاوکێ وئەزیەت وئازارەکانی لەدەستدانی کەسە نزیکەکانی یاخود نالە نالی کەسەتووشبووەکان (بڕوانە:المقریزی:1997, 7/349,352,355,363 ؛ ابن حجر العسقلانی:1986, 9/12,9,8,6) . وەك تێبینی دەکرێ ئەو پەتایە لەشام سەرەتا لە شاری حەلەب ودەوروبەری لەمانگی (موحەرەم/یۆنیۆ-تەموز) هەمان ئەوسالە بلاو بوویەوە ,ژمارەی قوربانیانی ڕۆژانە(١٠٠) سەدکەس زیاتر بوو ,بەلام لەشاری حەما ودەوروبەری لەمانگی (ڕەبیع الاول/ئەیلول)بلاوبوویەوەو ژمارەی ئەو کەسانەی ڕۆژانە بەهۆیەوە دەمردن (١٥٠) سەدوپەنجا کەس زیاتر بوون .وە لەمانگی (جەماد ی یەکەم/تشرینی یەکەم)کاریگەری ئەو پەتایە زیاتر بوو لە حەما ووای لێهات ژمارەی مردووان گەیشت بە نزیکەی (٣٠٠)سێ سەد کەس ,وەلەمانگی (جەمادی دووەم/کانوونی یەکەم) گەیشت بەتەرابلوس ودیمەشق (المقریزی:1997, 7/345؛السخاوی:1992, 1/607), بەلام کاتێك گەیشت بە دیمەشق

كاریگەریەكەی بەرادەیەك بووە لەمانگی (رەجەب وشەعبان/كانونی دووەم وشوباتی ١٤٣٨ز "خەلكێكی زۆر مردن كە هەژمار نەدەكرا"(المقریزی:1997, 348/7. بەلام لەشاری غەزە نەخۆشی تاعون لەمانگی(رەمەزانی٨٤١ك/ئازاری١٤٣٨ز بەشێوەیەكی گەورە پەرەی سەندو لەماوەی ئەو مانگەدا نزیكەی (١٢٠٠)دوازدە هەزار كەس مردن تاكۆتایی ساڵێ ناوبراو بەردەوامی هەبوو. هەروەها مقریزی لەبارەی قوربانیەكانی لە ولاتی میسر دەلێت:" ... لەماوەی نێوان مانگی رەمەزان وشەوال وزی لقیعدە زیاتر لەسەدهەزاركەس مردن كەزۆربەیان مندال بوون..."(:1997, 359/7؛ محمد حمزة:2009,ص30) .

لەسالەكانی ٨٤٧-تاكو-٨٤٨ك/١٤٤٤ز(السخاوی:1992, 846/1؛ ابن العماد الحنبلی:د.ت,4-261/7),وە ٨٥٢-٨٥٣ك/١٤٥٠ز دیسان ئاماژە بە بلاوبوونەوەی تاعون دەكرێت لەولاتی میسر كە خەلكێكی زۆری كوشتووە(ابن تغری بردی الاتابكی:د.ت,ص32-33؛العینی:2012,ص619؛السخاوی:د.ت, ص87), بەتایبەتی لەچینی مندالان وكۆیلەكان ,ئەوەتا هەروەكو لەیەكێك لەدێرە شیعرەكانی یەكێك لەشاعیرانی سەردەمی پەتای تاعونی ساڵێ ٨٤٨ك/١٤٤٤ز سخاوی دەنووسێت:

"أری الطاعون یفتك فی البرایا ویطعن ارباب الحراب

وینشد عندهدم العمر منا لدوا للموت وابنوا للخراب" (السخاوی:د.ت, ص87)

بەلام لەساڵێ ٨٥٠ك/١٤٤٦ز ئاماژە بەبلاوبوونەوەی تاعون دەكرێت لەهەرێمی دیاربەكر كەژمارەیەكی زۆر لەخەلكی كوشتووە بەبەلگەی ئەوەی وەك (أبو بكر طهرانی )ئاماژەی بۆدەكات رێژەیەكی زۆر مال وداراییی بۆ خەزێنەی دەسەلاتدار ماوەتەوە(:1397,ص281) كەئەمەش بەلگەی مردنی ژمارەیەكی زۆری خەلكە لەو ناوچە كوردیە . شەش سال دوای ئەوە لەساڵێ ٨٥٦ك/١٤٥٢ز ئەمجارە پەتای ناوبراو لەئەنجامی شەرو ململانێ لەشاری كەیفا ودەوروبەری بلاو دەبێتەوە لەئەنجامیشدا برسیەتی وگرانیش دێتە ئاراوە لەمیسریش بەهەمان شێوە خەلكی زۆر دەكوژێت (ابن العبری:2002,ص248؛ ابن تغری بردی الاتابكی:د.ت,ص78 ,94-95).

لەساڵێ ٨٦٠ك/١٤٥٦ز وەك مێژوونووسان ئاماژەی بۆ دەكەن لە جەزیرەی بۆتان-جەزیرەی ئیبن عمر ,شارەزوور ,موسل,عمادیە-ئامێدی,وئاكرێ پەتایەكی تاعونی زۆر بەهێزو كاریگەر بلاوبۆتەوەو ژمارەیەكی زۆر لە دانیشتووانی ناوچەكەی لە كوردو عەرەب وكریستانیش كوشتووە,ئەمەو جگە لە دەسەلاتدارانی ناوچەكەش(ابن العبری:2002,ص249؛العمری:د.ت,56).

وە لەساڵێ ٨٦٣ك/١٤٥٨ز لەبەر بوونی ململانێ لەخۆراسان ورۆژهەلات وهرات پەتای تاعون بلاوبوویەوەو بووە هۆكارێكیش بۆ بلاوبوونەوەی برسیەتی وگرانی نرخ وخەلكێكی زۆریش بەو هۆیانەوە لەنێوچوون (یعقوب ازند:1368, 54/2-55) .هەروەها ئەم پەتایە كەساڵێ دواتریش بەردەوامی هەیە وەك لەسەرچاوەكان دەردەكوێ ئەوەتا باس لەوە دەكرێت كە لەساڵێ ٨٦٤ك/١٤٥٩ز تاعون لە میسرو شام بلاوبوویەوە (السخاوی:1995, 734/2-735؛ السیوطی:مخطوطة, ص15؛ابن العماد الحنبلی:د.ت,4-303/7) لەوە دەچێت هەر درێژبۆوەی ساڵێ پێشوو بێت لەناوچەكانی رۆژهلاتەوە بۆیان هاتبێ وتاساڵێ ٨٦٦ك/١٤٦١ز یش بەردەوام بووبێت . ئەوەتا لەساڵێ٨٦٦ك/١٤٦١ز باس لەوە دەكرێ كە پەتای تاعون لە هرات هەبووە و خەلكێكی زۆری تووشی دەردەسەری كردووە (احمد تتوی:1382, 5323/8), دووسال دواتر واتە ٨٦٨ك/١٤٦٣ز لەهەرێمی ئەودیوی رووبار بەتایبەتیش شاری سەمەرقەند تاعونێكی گەورە بلاو بوویەوەو ژمارەیەكی زۆری لە خەلك لەنێوبرد (یعقوب ازند:1368, 155/2).

ئەمجارە لەساڵێ ٨٧٣ك/١٤٦٨ز دیسان ئەم پەتایە لە میسرو شام بلاوبوویەوە (السیوطی:مخطوطة, ص15)تاكو ماوەی ساڵێك بەردەوامی هەبوو(السخاوی:1995, 799/2).بەتایبەتی لەدیمەشق بەلام هەروەك (ابن سباط) لەرووداوەكانی ساڵێ ٨٧٤ك/١٤٦٩ز ئاماژەی بۆدەكات دەلێت:" ... لەرۆژێكدا زیاتر لە هەزار رووفاتی لێكەوتۆتەوە"(ابن السباط:1993, 814/2). شاری قاهیرەش بەتەنها بەگوتەی سخاوی رۆژانە دووسەد كەس دەمردن(:1995, 222/2؛ ابن شاهین:2002, 361/6), یان دواتر رێژەكە زیاتریش بوو. سەبارەت بەولاتی عێراقیش كەهەر لەرووداوەكانی ٨٧٤ك/١٤٦٩ز كە ئاماژەی بۆ كراوە ئەوا بە هەمان شێوە كاریگەری ئەم پەتایە بوونی هەبووە و بەشێوەیەكی زۆر خەلكی لەنێوبردووە(باقر امین الورد:1989, ص174). دواتریش درێژبۆتەوە لەبەغداوە بۆ تكریت وشارەزوور وهەولێرو موسل ,لایەنی كشتوكالێ بەتەواوی تووشی شەلەلی كردووە وهێزی كاری زۆربەی لەنێوبردووە (العمری:د.ت, ص57؛ عبا س العزاوی:1936, 243/3؛ نوری عبد الحمید العانی:2002, ص99).

وەلە ساڵێ٨٨١ك/١٤٧٦ز پەتای تاعون لە ولاتی شام ومیسر بلاوبوویەوە وەبەردەوام بوو تاكو ساڵێ٨٨٢ك/١٤٧٧زالسیوطی:مخطوطة, ص15), بەلام لەشام زۆر بلاوترو كاریگەرتر بوو بەتایبەتی لە شارەكانی دیمەشق وقودس وغەزەو رەملە, كەسەرەتای دەستپێكردنی لەشاری قودس بوو لە سەرەتای مانگی(رەجەبی٨٨١ك/١٤٧٦ز)و ئینجا گەیشت بە ناوچەكانی تر كە تەنها لەشاری دیمەشق رۆژانە (١٥٠٠)هەزارو پێنج سەد كەس دەبوونە قوربانی(محمد حمزة:2009,ص132) .لەولاتی میسریش وەك ئیبن ئەیاس دەلێت:"رۆژانە نزیكەی (٣٠٠٠) سێ هەزار كەس دەمردن(:1982, 124/3؛ محمد حمزة:2009, ص159),

ئەگەرچی گومانیش لەژمارەكان دەكرێت و لەوانەیە زیادە ڕۆییان تێدابێت بەلام ڕاستیەك دەردەخەن ,ئەویش ئەوەیە كە ئەم تاعونە یەكێك لەپەتا گەورەكان بووە لەوسالەدا بلاوبۆتەوە. ئەمەو چەندین مەرگەسات وكارەسات لەبارەی ژیانی ڕۆژانەی خەلكی میسر كەبەهۆی ئەم پەتایە توشیان هاتبوو(ابن ایاس:1982, 124/3-125), كەلێرەدا توێژەر بەپێویستی نازانێت هەموو ووردەكاریەكانی خاتە ڕوو.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە كە لە ساڵی٨٩٣ك/١٤٨٨ز دیسان ئاماژەهەیە كە تەبرێزو ولاتی شام ومیسر توشی پەتای تاعونioووبن وكوشتاری زۆری نابێتەوە(ابن العبری:2007, ص260؛یعقوب ازند:1368, 155/2) .

لەدوایین تاعونی گەورەوكاریگەریش كەلەوسەدەیەدا بلاوبۆتەوە ئەوەیانە كەلە ساڵی٨٩٧ك/١٤٩٢ز ڕوویدا لەناوچەكانی عێراق ومیسرو شام (السیوطی:مخطوطة, ص15؛ باقر امین الورد:1989, ص177), بەتایبەتی شارەكانی دیمەشق وحەلەب وحەماو تەرابلوس وقودس خەلیل وغەزەورەمله(السخاوی:1995, 658/2-663؛ ابن السباط:1993, 905/2)و چەندین ناوچەی تری جیهان ,بەشایەتی مێژوونووس (ابن العماد الحنبلی):"چارەكی خەلكی سەر زەوی بەهۆیەوە گیانیان لەدەستدا"(:د.ت, 4-359/7؛ باقر امین الورد:1989, ص177) . شایەنی باسە سەرەتای دەستپێكردنی ئەم پەتایە لەشام لەشاری قودس وخەلیل بوو لەمانگی(جەمادی دووەم /نیسان), ژمارەی مردووان بەهۆیەوە تەنها لەشاری قودس ڕۆژانە گیشتە نزیكی پەنجاكەس ودواتریش لەسەد كەس زیاترو تاكو مانگی( شەوال /ئاب )یش بەردەوامی هەبوو لەم شارەدا. بەلام لەشاری خەلیل ڕۆژانە پەنجا كەس دەمردن, بەدرێژایی ماوەی پەتایەكەش نزیكەی (١٤٠٠)هەزاروچوارسەد كەس گیانیان لەدەستدا (السخاوی:1995, 658/2). ئەمەو چەندین ژمارەی دیكەی قوربانیان لەهەریەك لەشارە جیاوازەكانی ولاتی شام كەئاماژەیان بۆكراوە(السخاوی:1995, 658/2؛ ابن السباط:1993, 905/2؛محمد حمزة:2009, ص133). ولاتی میسریش ئەگەر قوربانیەكانی زیاتر نەبن ئەوا كەمتریش نەبوون ,هەروەكو مێژوونووسان لەبارەیەوە زانیاری وژمارەی زۆرو وورد دەدەنەدەست خوێنەران, بەتایبەتی ئیبن ئەیاس ژمارەی مردووانی ئەم پەتایە (٢٠٠٠٠)دووسەدهەزار كەس دیاریدەكات (:1982, 289/3) ئەمەو چەند ژمارەی تر... شایەنی باسە ئەم پەتایەش هەر لەهەمان سالدا لەمانگی(شەعبان/حوزەیران) بەتەواوی لەمیسر نەماو كۆتایی هات(السخاوی:1995, 658/2؛ابن السباط:1993, 94/2-96؛ ابن ایاس:1982, 292/3) . بەلام هەر دوای چەند مانگێك لە (موحەرەمی٨٩٨ك/تشرینی یەكەمی ١٤٩٢ز) دووبارە پەتای تاعون سەری هەلدایەوە لەئەسكەندەریەو قاهیرەو شارەكانی ترو تاكو مانگی (ڕەمەزان /حوزەیران)ی هەمان سال بەردەوام بوو, دیسان كۆمەلێكی زۆر لەخەلكی كوشت (السخاوی:د.ت, 82/3-83؛ ابن العماد الحنبلی:د.ت, 4-360/7) .

### 4. كاریگەری ودەرئەجامەكانی پەتای تاعون

هەموو ئەو پەتا تاعونانەی لە ماوەی سەدەی نۆی كۆچی / پازدەی زاینی بلاودەبوونەوە چەندین كاریگەری ونەهامەتیان بەسەر بوارە جۆر بەجۆرەكانی ئابووری وهەلو مەرجی كۆمەلایەتی وسیاسی و... لەژیانی مرۆڤایەتیدا بە جێدەهێشت كە لێرەدا هەولدەدەین چەند لایەنێكیان دەربخەین وەك:

لەسەرووی هەموو ئەولایەنانەی ئاماژەی بۆكرا بواری ئابوریە كە بەرادەیەكی زۆر دەكەوتە ژێر كاریگەری ئەم پەتایە لەبەر ئەوەی دەكرێت بلێین پەتاو تەنگژەی ئابوری وەك دوو جمكن لەنێو یەك بارودۆخدا هەردوولایەنیان كاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەكتر هەیە .بەتایبەتی هۆی گیانلەدەستدانی ژمارەیەكی زۆری دانیشتووان ,یاخود ئەوانەی نەخۆش دەكەوتن وهێزی كاركردنیان لەكەمی دەدا ,ئینجا دانیشتووانیش گومانی تێدانیە گرنگترین بەشی بەهەمهێنانیان پێكدەهێنا كە دەستی كار بوو ئینجا چ لە پیشەگەری بووایە یان بازرگانی ویان كشتوكالێ كە گرنگترین بنەما ئابووریەكانی وولاتانی ئەو سەردەمەی پێكدەهێنا لەئەنجامیشدا كەمبوونەوەی بەرهەم ودواتریش دروستبوونی گرانی وبرسیەتی وتەنگژەی ئابوری .

ئەوەتا هەروەكو ئەو تاعونەی لە ساڵی٨١٣ك/١٤١٠ز لەشام یان دیمەشق بلاو بوویەوە وەك مقریزی دەلێت: " ... ژمارەیەك شارۆچكە چۆل بوو ,بەرهەمەكشتوكالیەكان مابوویەوەو كەس نەبوو دروێنەیان بكات(:1997, 290/6؛ السخاوی: 1992, 466/1) . یان ئەو پەتایەی لەعێراق وفارس ومیسر بلاوبوویەوە لەساڵی٨١٩ك/١٤١٦ز لەبەر توشبوون ومردنی ژمارەیەكی زۆری جوتیاران بەرهەم لەكەمیداو برسیەتی وگرانی سەری هەلدا لەم ناوچانەدا (نوری عبد الحمید العانی:2002,ص98). یاخود ئەو تاعونەی ٨٧٤ك/١٤٦٩ز كە زۆربەی جیهانی گرتەوە وتوانا ئابوریەكانی عێراق وكوردستانی بەتەواوی تووشی دارمان كردو هێزی كاری زۆربەی لەنێوبرد ئەمە جگە لەوانەی كە كۆچیان دەكرد لە ترسی توشبوون بەپەتایەكە (نوری عبد الحمید العانی:2002, ص99-100) بۆیە ئەوناوچانەی بەتەواوی توشی تەنگژەی ئابوری كرد .

سەبارەت بە پیشەگەران وبازرگانانیش ئەوانیش لەو نەهامەتیەدا بێبەش نەبوون ئەوەتا هەروەکو ئەو پەتا تاعونەی کەلەسالی ٨٤١ك/١٤٣٨ز لە میسر بلاو بوویەوە ژمارەیەکی زۆر خاوەن پیشە گیانیان لەدەستدا بۆیە بووە هۆی ئەوەی کەوەك مقریزی دەڵێت:" کرین وفرۆشتنی زۆر لە کەل وپەل وجل وبەرگ وبۆن بووەستێ و ,خەلك زیاتر ژیانیان وەستا وئاستی ژیان دابەزی , بازارەکان لەکار کەوتن ودەستکەوت زۆر لە کەمیدا"(:1997, 350/7) وەزۆر لەپیشەگەرەکان پیشەکانیان گۆری وبەتایبەتی بۆ پیشەی کفن(خام) فرۆشتن (المقریزی:1997, 356/7).

هەرچی تایبەتیشە بەبواری بازرگانی ئەوا سەرەرای مەترسی توشبوون وبلاو بوونەوە کە زۆرجار چالاکی ئەم لایەنەی پەکدەخست یان کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان ولەئەنجامدا کەمبوونەوەی خواست لەسەر کەل وپەلەکان گەلێکجار ئەوکەسانەشی دەگرتەوە کەلەو بوارەدا کاریان دەکرد ئینجا بازرگانەکان خۆیان بن یان کرێکارەکانیان .بەنمونە هەروەکو کەسایەتی (خضر کوری ابراهیم الروکی,خیرالدین) دانیشتووی قاهیرە کەخۆی وبنەماڵەکەشی لەبازرگانە گەورەکان بوون لە ساڵێ ٨٢٠ك/١٤١٧ز بەپەتای تاعون گیانی لەدەستدا(ابن حجر العسقلانی:1992, ص255).

ئەمە جگە لەو گرانی وبرسیتیەی لەئەنجامی لەدەستدانی پیشەگەرو جوتیاراندا یان بەگشتی دەستی کاردا دەکەوتەوە لەهەمان کاتدا دزی و جەردەیی ورێگری لەسەر رێگاکاندا دروست دەکرد ومەترسی دەخستە سەر رێگا بازرگانیەکان وئەو بوارەشی تارادەیەك پەکدەخست . یاخود هەر لە ترسی بلاوبوونەوە هاتوچۆی نێوان شارو ولاتان دەوەستا بەمەش بازرگانی ئەنجام نەدەدرا .ئەمەجگە لەوەی کەزۆرجار ئەم پەتایە پەلەوەرو ئاژەلانیشی دەگرتەوە وژمارەیەکی زۆری لەنێو دەبردن بەتایبەتی چێل ومەرو مالات ئینجا ئەمانە جگە لە گۆشت وبەرهەمەکانیان لەهەمان کاتدا چێل وگا بۆکرداری کشتوکالیش زیانیان دەنایەوە چونکە لەکرداری جووت کردندا بەشێوەیەکی بەربلاو بەکار دەهێنران . ئەوەتا لەئەنجامی ئەوتاعونەی لەساڵێ ٨٣٣ك/١٤٢٩ز لەمیسرو شام بلاوبوویەوە کاریگەریەکی زۆری کردەسەر بەرهەمی ئاژەلێ وماسی , کەبەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە گیانلەبەران وماسی نێو دەریاکان مردن (بروانە: المقریزی:1997, 207/7-208). وەلەو تاعونەی لە ولاتی شام ومیسر لەسالی ٨٤١ك/١٤٣٧ز بلاوبوویەوە ژمارەیەکی زۆر لەمەرومالات وماسی کوشت(المقریزی:1997, 358/7). یان ئەو پەتای تاعونەی لەساڵێ٨٨١-٨٨٢ك/١٤٧٦-١٤٧٧ز بلاوبوویەوە ژمارەیەکی زۆر لە بالندەو پەلەوەرو ماسی لەناوبرد (ابن شاهین:2002, 185/7) .

لەهەمان کاتدا بلاوبوونەوەی پەتای تاعون کاریگەری دیاری هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کەل وپەل وخۆراکدا .هەروەکو ئەوەی لە ساڵێ٨١٥ك/١٤١٣ز روویدا بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی میوەجات بەتایبەتی شفتی کەبۆ چارەسەری بەکاریان دەهێنا (المقریزی:1997, 348/6), یان ئەو تاعونەی لەساڵێ٨٣٣ك/١٤٢٩ز لەرۆژهەلات وتەبرێز وعێراق وجەزیرەو دیاربەکر وشارەزوور بەغداو حللەو نەجەف ومیسرو شام بلاوبوویەوە (نوری عبد الحمید العانی:2002, ص98) نرخی جل وبەرگی بەرز کردەوە بەتایبەتی ئەو قوماشە خامەی کەبۆ کفنکردنی مردوو بەکاردەهێنرا, یان ئەو خۆراك ودەرمانانەی بۆ نەخۆشەکان بەکار دەهێنران لەشەکرو هی دیکە (المقریزی:1997, 206/7؛نوری عبدالحمید العانی:2002, ص98) یان هەرخۆراکێکی تر .هەروەکو مقریزی دەڵێت: " نرخی ئەو دەرمانانەی نەخۆش پێویستی پێیەتی گەیشتە چەند بەرامبەری نرخی خۆی "(:1997, 206/7) . کاریگەریەکانیشی لەسەر لایەنی زانستیش لە لایەکانی تر ئەگەر زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نەبوو , ئینجا بەباشەبێت یان خراپە . باشیەکەی ئەوەبوو ئەو پەتایە یان نەخۆشیە کەبلاودەبوویەوە دەرمانسازو پزیشك ومێژوونووس ونووسەران وزانایانی ئەوسەردەمانەی زۆر هاندەدا لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەری چەندین هەولێ زانستی بخەنەکار ئینجا بەتاقیکردنەوەی دەرمانە جیاجیاکان بێت یان بەنووسینی پەرتووکی تایبەت بەو پەتایە وەك ( بذل الماعون فی فضل الطاعون )ی ( ابن حجر العسقلانی"م:٨٥٢ك/١٤٤٨ز") , یان (مارواه الواعون فی اخبار الطاعون )ی(السیوطی"م:٩١١ك/١٥٠٥ز") وەچەندینی تر... . یاخود بەتۆمارکردنی هەواڵە جۆر بەجۆرو کاریگەریەکانی ئەو پەتایە لەکتێبە مێژووییەکان . سەرەرای ئەوە کاریگەریە خراپەکانیشی ئەم نەخۆشیە دەبووە هۆی لەناوبردنی سەروەتێکی گرنگی زانستی جیهان کەئەوانیش زانایان بوون کەژمارەیەکی زۆریان بەو پەتایەوە دەمردن هەروەکو ئەو کەسایەتیانەی لەکتێبە جۆربەجۆرەکان ناویان هاتووە وەك بەنمونە:(احمد کوری خاص الترکی الحنفی) کەزانایەکی زیرەك وبەتوانابوو لەزۆر لە زانستە جیاوازەکانی وەکو زانستە شەرعیەکان وزمان وزانستی فەرمووده و چەند بوارێکی تر.. لەساڵێ٨٠٩ك/١٤٠٦ز بەهۆی پەتای تاعون لە ولاتی میسر کۆچی دوایی کرد (ابن حجر العسقلانی:1992, ص181).یان (صدیق کوری علی کوری صدیق الانطاکی ) خەلکی دیمەشقە بەلام دانیشتووی قاهیرە بوو هەرلەهەمان سالدا(ابن حجر العسقلانی:1992, ص184) .یاخود کەسایەتی زاناو وانەبێژ لە قوتابخانەکانی میسر (فتح الدین محمد کوری محمد کوری محمد کوری عبدالدائم الباهی ,فتح الدین, ابو الفتح کوری نجم الدین الحنبلی), دیسان هەربەم پەتایە کۆچی دوایی کرد لەساڵێ٨١٩ك/١٤١٦ز(ابن حجر العسقلانی:1992, ص244) . وە کەسایەتی (جمال الدین یوسف کوری عبدالله ی ماردینی حەنەفی

,جمال الدين) كە خەلكی ماردینی كوردستانی باكورە ولەبواری زانستی شەرعی ئاینی كاری زۆری لە ولاتەكەی خویدا كردبوو بەلام دواتر كۆچ دەكات بۆ قاهیرەو لە مزگەوت وقوتابخانەی ئەزهەر گفتوگۆی زانستی زۆری كردووەوچەند كتێبێكی نووسیووە وخەلك زۆر خۆشیان ویستووە بەلام هەر لە ساڵی٨١٩ك/١٤١٦ز بەتاعون كۆچی دوایی دەكات (ابن حجر العسقلاني:1992, ص253) .یان مردنی كەسایەتی (ابو البركات محمد كوری محمد كوری محمد كوری أمين كوری عزونی تونسی مالكی )لەتونس لەساڵی ٨٧٣ك/١٤٦٨ز بەپەتای ناوبراو(السخاوي:1995, 804/2). هەروەها (محمد كوری علی كوری محمد المشهدی ,شمس الدين القطان ) كەزانایەكی بەناوبانگی زانستە عەقلیەكان بوو بەتایبەتیش زانستی پزیشكی وناوبانگێكی زۆری هەبوو لەسەردەمەكەی خۆیدا ئەویش هەر بەپەتای تاعون لەهەمان ساڵدا مردووە (ابن حجر العسقلاني:1992, ص252). یان هەروەك یەكێك لەمێژوونووسان لەدەرئەنجامی ئەوتاعونەی لەساڵی٨٩٧ك/١٤٩٢ز بلاو بوویەوە دەڵێت :" ... ژمارەیەكی گەورە لەزانایان وپیاوماقولان بەهۆیەوە مردن(ابن السباط:1993, 2/904-905). ئەمەو ژمارەیەك لەكەسایەتی دیاری بوارە جۆربەجۆرەكانی دیكەی وەكو شیعرو ئەدەب ... هەربەهۆی پەتای تاعونەوە لە م سەدەیەی كەجێی باسی ئێمەیە دەبنە قوربانی , كە كاریگەری زۆر بەسەر ئەم لایەنەی ژیان جێدەهێلن (بروانە: ابن حجر العسقلاني:1992, ص185-186, 245, 251-252, 274-275, 291-292).

لەبواری ئایینی ودەرونیشدا دیسان كاریگەری ئەم پەتایە زۆر بەروونی دەبینرێت بەوەی دوای بلاو بوونەی پەتای تاعون خەلكەكە دوای ئەوەی پەنایان بۆ زۆر لە هۆكارەكانی چارەسەری دەبرد و دادی نەدەدان وەدەستەوەستان دەمانەوە و تاكە هیواو ئومێدیان لە بەهاناوەچوونی خودا دەبینی بۆیە زۆر بەگەرم و گوری بەرەو ئاین وخوداپەرستی دەگەرێنەوە وبیرو باوەریان نوێ دەكەنەوەو بەنزاو پارانەوەو پەشیمانی دەربرین لەگوناهو تاوان یان خوداپەرستیكردنی زۆر لەنوێژی سوننەت وشەونوێژو قورئان خوێندنی زۆرو بەرۆژووبوون وبەدلسۆزیەكی زۆرەوە دل ودەروونی خۆیان لەگوناهو تاوان پاك دەكەنەوە ... بوو. كەنمونەی زۆر لەوبارەوە لەسەرچاوە مێژووییەكاندا هەیە (جوزيف بيرن:ص409). ئەوەتا لەئەنجامی پەتای تاعون لەساڵی ٨١٩ك/١٤١٦ز لەولاتی میسر خەلكێكی زۆر دەستیان كرد بە پەشیمانی دەربرین لەگوناهو تاوان و ئەنجامدانی نوێژی بەكۆمەل ونزاو پارانەوە(السيوطی:2004, 238/2).

یاخود ئەو پەتا تاعونە كەلەساڵی ٨٩٧ك/١٤٩٢ز بلاوبوویەوە خەلك زۆربەیاندەستیانكردبە وووتارخوێندنەوەو پارانەوە لەخوداو بەرۆژووبوون بۆماوەی سێ رۆژ قورئان خوێندن لەپێناوی رزگاربوونیان و یارمەتیدانیان لەلایەن خوداوە (بروانە:السخاوي:1990, ٦٥٨/٢ ؛ابن اياس:٢٩٢/١٩٨٢,٣). ئەم نمونانەش تەواو كاریگەری پەتای تاعون لەسەر ئەم لایەنە دەردەخات و ئەوە روون دەكاتەوە كەخەلك چۆن بەو هۆیەوە روویان كردۆتەوە ئاین وبیروباوەرەكانیان و ئاستی باوەربوونیان بەخودا زیاد دەكات لەترسی ئەم كارەساتە . یان سەرەرای ئەوە زۆرجاری تر ناچار دەبوون پەنابەرنە بەر پیاوچاك وشێخ ومەلا وتەنانەت فالچی وتەلەكەبازیش هەر لەپێناو دەسكەوتنی رۆناكیەكی هیواو ئاوات لەچارەسەری بۆ پەتاكەیان و رزگاربوون لەمردن.

لەگەل ئەمانەشدا بلاوبوونەوەی پەتای تاعون دەرئەنجامی زۆری لەسەر دابەشبوونی دانیشتووان لێدەكەوتەوە بەهۆی مردنی ژمارەی زۆر لەشوێنی پەتادار كەدەبووە هۆی كەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان , یا ن كۆچكردنی خەلك بەژمارەی زۆر لەترسی مەرگ بۆ ناووچەی دیكە یان كۆچكردن بۆ دەرەوەی شارە گەورەكان هەروەك ئەو تاعونەی لەساڵی٨٣٨ك/١٤٣٤ز لەهرات و رۆژهەلات بلاوبوویەوە رۆژانە (٤٧٠٠)چوارهەزارو حەفت سەد كەس كفنكراوەو نێژراوە یان وەك خاوەنی كتێبی (مجمل فصيحی) دەلێت لەهەر بیست كەس لەماوەی مانگێك یەك كەس ماوەتەوەو خەلك بەناشتن رانەگەیشتووە(بروانە:خوافی:1339, ص277-278), یان ئەوتاعونەی لەساڵی٨٤١ك/١٤٣٧ز بلاوبوویەوە وەك باس دەكرێت لەبەغدا لەدوازدە كەس یەك كەس ماوەتەوە یان لەشاری حەدیسە لەكۆی خەلكەكەی تەنها حەوت كەس ماوەتەوە(نوری عبد الحميد العانی:2002, ص99) . ئەمە سەرەرای ئەو كەسانەی دەمردن خەلكێكی زۆریش لەترسان كۆچیان دەكرد بۆ ناوچەكانی دەرەوەی شار یان بۆ ناوچە دوور لە شوێنە پەتادارەكە(جوزيف بيرن:2014, ص410), هەروەكو دەسەلاتداری شاری ناوبراو پێی هەلسا بەلام لەرێگادا هەر بەهۆی پەتایەكە گیانی لەدەستدا. هەربەهۆی تاعونەوە سەرەرای كۆچی خەلكی دەست رۆیشتوو لەشارەكان ژمارەیەكی زۆری خەلكی گوندەكانیش روویان لەشارەكان دەكرد بۆ دەستكەوتنی چارەسەر بەرادەیەك زۆر گوند چۆل دەكرا یان بەهۆی مردن هەندێ جار ژمارەیەكیان چۆل دەبوون بەنمونە وەك ئەوەی لەساڵی٨٣٣ك/١٤٢٩ز روویدا لەمیسر زۆر لە گوندەكان چۆل بوون(جوزيف بيرن:2014, ص414) . ئەمەو چەندین نمونەی دیكە و ژمارەی جیاجیا لەسەر رێژەی قوربانیانی كەبەهۆی پەتای تاعون لەسەدەی نۆی كۆچی بەرامبەر پازدەی زاینی لەلایەن مێژوونووساندا خراوەتە روو ئەگەرچی لەوانەیە زیادە رۆیی زۆریشیان تێداكرابێت .

لەگەل ئەمانەشدا كۆمەلێك كاریگەری و دەرئەنجامی دیكەی كۆمەلایەتی وسیاسی وسەربازی كەوتوونەتەوە, كە بەهۆی بلاوبوونەوەی پەتای تاعون چەندین شەرو گەمارۆ یەكلایی بۆتەوە بەخوبەدەستەوەدان وپاشەكشەكردن لە گەمارۆدا, یاخود

هەندێك جار بۆتە هۆی بلاوبوونەوەی كێشەو ئاشوبی نێو خۆیی لەچەندین ناوچەو شاردا , بەنمونە هەروەكو ئوەی لەئەنجامی بلاوبوونەوەی تاعون لەساڵی٨٦٤ك/١٤٥٩ز مەمالیكەكان پێی هەلسان لەدروستكردنی ئاژاوەو ئاشوبی نێوخۆیی لەمیسر , دەستیان بەسەر هەموو مولك وكەل وپەلی كەسە تووشبووەكاندا دەگرت وئەمەش كێشەی زۆری لێكەوتەوە (بروانە:ابن تغری بردی الاتابكی:د.ت, 118/16).

**ئەنجام**

دوای خوێندنەوەی ژمارەیەك سەرچاوەی سەدەكانی ناوەراستی ئیسلامی و بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوە توێژەر دەگات بەچەند ئەنجامێك وەك:

- تاعون لەو پەتایانەیە كەلە هەواوە بلاو دەبێتەوە ودیاردەكانی چەند شێوەیەكی جیاواز لەخۆدەگرێت لەگرێ وپۆقلە ,دەرزو لەكە ولەبەشێكی لەش دەردەكەوێت ,بەدوایدا ئێش وئازارێكی زۆری ناوەوەی جەستەیی دێت ,ئەنجامەكەشی گیان لەدەستدانە لەماوەی چەند رۆژێكی كەمدا .
- بوونی جیاوازی لەنێوان تاعون وپەتادا لەبەر ئەوەی زاراوەی پەتا گشتگیرو فراوانترەو تاعون جۆرێك وبەشێكە لەپەتا ,یان زۆربەی جار تاعون سەرچاوەكەی نادیارە بەلام پەتا بەپێچەوانەی ئەو گەلێك جار سەرچاوەكەی دیارە . لەگەل ئەوەشدا زۆرجار لە سەرچاوە مێژووییەكان بەژمارەیەك لەنەخۆشیەكان وتراوە تاعون .
- بەهۆی ئەو پەتایەوە لەسەدەی نۆی كۆچی بەرامبەر پازدەی زاینی دەیەهاهەزار یان ئەگەر زیادەرۆیی نەبێت بەملیۆنەها كەسی لەچینە جیاوازەكانی كۆمەلگاكان كوشتووە ئەمە جگە لەزیندەوەرو گیانلەبەران.
- ولاتی میسر زۆرترین ئەوزیانانەی بەركەوتووە كەلەتاعونەكانی سەدەی ناوبراو كەوتۆتەوە, لەبەر ئەوەی بنكەیەكی گرنگی بەیەكگەیشتنی نێوان رۆژهەلات ورۆژئاواو بازرگانی وبنكەیەكی گرنگی شارستانی وزانستی ئەو سەردەمەبوو ,ئەمەو جگە لەزۆری ژمارەی دانیشتووانی .
- بەلام ئەوەی لەبارەی ناوچە كوردنشینەكان تێبینی دەكرێت ئەوەیە كەلەم سەدەیەی كەجێی باسە بەبەراورد بەسێ سەدەی پێشووتر واتە ٦و٧و٨ك/١٢و١٣و١٤ز پەتای تاعون زۆر زیاتر بوونی هەبووە .
- تێبینی ئەوەش دەكرێت كەدەسەلاتدارو فەرمانرەوایان سەرەرای هەندێ هەولێ سادەوساكار بۆ چارەسەری وبەرگرتن لەپەتای ناوبراو بەلام بەگشتی دەستەوەستان بوون لە چارەسەری كاریگەری ئەو پەتایە ,بەلام لەهەمان كاتدا دەكرێ ئەوەش بوترێ ئەوە نەدەگەرایەوە بۆ كەمتەرخەمی ئەو دەسەلاتدارانە بەقەد ئەوەی كەهەر دەسەلاتدارێك بێت هیچی زیاتری پێنەدەكرا.
- لەهەمووی گرنگتر كەبوترێت ئەوەیە ئەم پەتای تاعونە لەوماوەیەدا كاریگەری زۆر خراپی هەبوو لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەكانی ژیانی مرۆڤایەتی لەبوارەكانی ئابوری لەكەمبوونەوەی دەستی كارو بەرهەم وئاژەلان لەئەنجامیشدا برسیەتی وگرانی وقات وقری بەرجەستە دەبوو ,بواری كۆمەلایەتیش لەگۆرانكاری لە رێژەی دابەشبوونی دانیشتووان بەهۆی مردن بەژمارەی زۆر وكۆچكردنەوە ,ئەمەو سەرەرای دروستبوونی چەندین دەرهاویشتەی خراپی كۆمەلایەتی لە دزی وجەردەیی ورێگری و بلاوبوونەوەی چەندین بیرو بۆچوونی خراپ وئەفسانەیی لەبارەی رووداوی پەتاكان چارەسەریەكانیان خۆی دەبینیەوە, لەبواری زانستیش جگە لەلایەنە باشەكانی لەهەول وتەقەلاكان بۆپێشخستنی زانستی پزیشكی لەرێی هەولدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆپەتای تاعون لەئەنجامدا هاتنە بەرهەمی ژمارەیەك كتێب وتوێژینوەو چەندین دێرە شیعر وكتێبی مێژوویی بەو هۆیەوە .بەلام لەهەمان كاتدا لایەنەخراپەكەشی بریتی بوو لە لەدەستدانی ژمارەیەكی زۆر لەزاناو رۆشنبیری بەتوانا بەهۆی گیانلەدەستدانیان بەم نەخۆشیە ,هەرچی بواری ئاینیشە ئەوە دیسان كەوتە بەر كاریگەریەكانی ئەم كارەساتە ئەویش لەترسان ولەبەر بێئومێدبوونیان بە چارەسەرە پزیشكیەكان

بۆیە پەنایان دەبردەوە بەر دەرگای خوداو مزگەوتەکان ودەستیان دەکردەوە بە خوداپەرستی بەگەرم وگوری زۆر دەپارانەوە لەپێناو رزگاربوون

لە م دۆخەی تێی کەوتبوون .

## سەرچاوە و ژێدەرەکان

**یەکەم: دەستنووس**


**السيوطى:**جلال الدين عبد الرحمن(ت:911هج/1505م)

-ماروا‌ه الواعون فى الخبار الطاعون,مخطوطة,موقع شبكة الالوكة: www.alukah.net

**دووەم : سەرچاوەی کۆن:-**

**أ-بە زمانی عەرەبی:-**

**ابن اياس**: محمد بن احمد(ت:930هج/1523م)

-بدائع الزهور فى وقائع الدهور,تحقيق :محمد مصطفى,ط2,الهيئة المصرية العامة للكتاب,(القاهرة:1982م).

**البخارى:**محمد بن اسماعيل(ت:256هج/869م)

-الطب والرقية وكيفية استخراج السحر من كتاب صحيح البخارى,شرحه وعلق عليه فى فتح البارى :احمد بن على بن حجر العسقلانى (ت:852هج/1448م) عن النسخة التى حققه عبدالعزيز بن عبدالله باز,المكتبة العصرية,(بيروت:2004).

**ابن تغرى بردى الاتابكى:**جمال الدين ابى المحاسن يوسف (ت:874هج/1469م)

-حوادث الدهور فى مدى الايام والشهور,موقع:to pdf www.al-mostafa.com

-النجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهرة,دار الكتب العلمية ,(بيروت:د.ت).

**ابن حجر العسقلانى :**شهاب الدين ابى الفضل احمد بن على(ت:852هج/1449م)

-انباء الغمربابناء العمر,ط2,دارالكتب العلمية,(بيروت:1986م).

-بذل الماعون فى فضل الطاعون,تحقيق:احمد عصام عبدالقادر الكاتب,دار العاصمة,(الرياض:د.ت).

-ذيل الدرر الكامنة ,تحقيق عدنان درويش ,معهد المخطوطات العربية(المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم),(القاهرة:1992م).

**ابن حنبل:**ابو عبدالله احمد الشيبانى (ت:241هج/855م)

-مسند الامام احمد بن حنبل,مؤسسة قرطبة ,(القاهرة:د.ت).

**ابن خاتمة:**ابو جعفر احمد بن على الانصارى(ت:770هج/1369م)

-مقالة تحصيل غرض القاصد فى تفصيل المرض الوافد –الملحق بكتاب-محمد محمد مفتى :كتاب تاريخ الاوبئة,المكتب الوطنى للبحث والتطوير,دار الكتب الوطنية,(بنغازى:2005م).

**الرازى:** محمد بن ابى بكر عبد القادر(ت :بعد666هج/1267م)

مختار الصحاح,دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع,(بيروت:2009م).

**ابن السباط:**حمزة بن احمد بن عمر- المعروف بأبن السباط المغربى(ت:بعد926هج/1520م)

-صدق الاخبار-تاريخ ابن سباط,تحقيق :عمر عبدالسلام التدمرى,جروس برس,(طرابلس-لبنان:1993م).

**السخاوى:**شمس الدين ابى الخير محمد بن عبد الحمن بن محمد(ت:902هج/1496م)

-كتاب التبر المسبوك فى ذيل السلوك,مكتبة الكليات الازهرية,(القاهرة:د.ت).

-الذيل التام على دول الاسلام للذهبى ,تحقيق:حسن اسماعيل مروة,مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع-الكويت,دارابن العماد للنشروالتوزيع-بيروت:1992م,ج1.

-وجيز الكلام فى الذيل على دول الاسلام,تحقيق: بشار عواد معروف-عصام فارس الحرستانى –احمد الخطينى,مؤسسة الرسالة للطبع والنشر والتوزيع,(بيروت:1995م),ج2.

**السيوطى:** جلال الدين عبدالرحمن ابى بكر(ت:911هج/1505م)

-حسن المحاضرة فى تاريخ مصر والقاهرة,تحقيق:محمد ابو الفضل ابراهيم,المكتبة العصرية ,شركة ابناء الانصارى للطباعة والنشر والتوزيع,(صيدا-بيروت:2004).

**ابن شاهين:**زين الدين عبدالباسط بن خليل بن شاهين(ت:920هج/1514م)

-نيل الامل فى ذيل الدول,تحقيق :عمر عبدالسلام التدمرى,المكتبة العصرية,(بيروت:2002م).

**الشوكانى :**محمد بن على بن محمد(ت:1255هج/1839م)

-نيل الاوطار من احاديث سيد الاخيار شرح منتقى الاخبار,دار الجيل,(بيروت:1973م).

**الشيزرى:**عبدالرحمن بن عبدالله بن نصربن عبدالله(ت:589هج/1193م)

-نهاية الرتبة فى طلب الحسبة,مطبعة لجنة التأليف والترجمة,(القاهرة:1943م).

**ابن العبرى:**ابو الفرج غريغورس أهرون الملطى (ت:683هج/1286م)

-(ذيل من كتاب)- مخطوطة تاريخ الازمنة,ترجمة ودراسة وتقديم:شادية توفيق حافظ,مطبعة الهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية,(القاهرة:2007م)
**ابن العماد الحنبلى:**ابى الفلاح عبد الحى ابن احمد بن محمد العكرى(ت:1089هج/1678م)
-شذرات الذهب فى اخبار من ذهب,دار الكتب العلمية ,(بيروت:د.ت).
**العينى:**بدرالدين محمود بن احمد بن موسى بن احمد بنحسين يوسف بن محمود البدر(ت:855هج1451م)
-عقد الجمان فى تاريخ اهل الزمان "النصر فرج بن برقوق((801-806هج/1389-1403))",تحقيق:اسلام يوشع بينو,مؤسسة حمادة للدراسات الجامعيةوالنشر والتوزيع,دار اليازورى,(الاردن:2012).
**المقريزى:**تقى الدين ابى العباس احمد بن على بن عبدالقادرالعبيدى(ت:845هج/1441م)
-السلوك لمعرفة دول الملوك,تحقيق:محمد عبدالقادر عطا,منشورات محمد على بيضون,دار الكتب العلمية ,(بيروت:1997م).
**الهاشمى:**احمد بن ابراهيم بن مصطفى
-مفرد العلم فى رسم القلم,تحقيق:محمد احمد قاسم,المكتبة العصرية,(بيروت:2002م).

**ب-به زمانى فارسى:-**
**حافظ ابرو:**(ت:833هج/1429م)
-زبدة التواريخ,مقدمة تصحيح وتعليقات:سيد كمال حاج سيد جوادى,انتشارات وزارت فرهنك وارشاد اسلامى,(تهران:1371).
**خوافى:**فصيح احمد جلال الدين محمد(ت:849هج/1445م)
-مجمل فصيحى ,تصحيح وتحشيه :محمود فرخ,ناشر:كتاب فروشى باستان,جاب طوس,(مشهد:1339).
**طهرانى:**ابو بكر
-كتاب دياربكرية ((تاريخ حسن بيك اق قوينلو واسلاف او وانجة بدان متعلق است از تواريخ قراقينلوا وجغاتاى)), تصحيح واهتمام:نجاتى لوغال-فاروق سومر,جابخانة رشدية,(تهران:1397).
**سێیەم: ژێدەرەكان:-**
**أ-به زمانى عەرەبى :-**
**باقر امين الورد:**
-حوادث بغداد فى اثنى عشر قرنا,مكتبة النهضة,(بغداد:1989م).
**جوزيف بيرن:**
-الموت الاسود,ت:عمر سعيد الايوبى,مركز ابو ظبى للسياحة,(أبوظبى:2014).
**خضير عباس المنشداوى**
-معالجات طبية اسلامية,دار اسامة للنشر والتوزيع,(الاردن:2012).
**شلدون واتس:**
-الاوبئة والتاريخ((المرض والقوة والامبريالية)),ت:احمد محمود عبدالجواد,المركز القومى للترجمة,(القاهرة:2010م).
**عباس العزاوى:**
-موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين((الحكومات التركمانية814-930هج/1411-1523م)),الدار العربية للموسوعات,مطبعة بغداد الحديثة,(البغداد:1936م),مج3.
**العمرى:**ياسين بن خير الله
-زبدة الاثار الجلية فى الحوادث الارضية,وانتخب زبدته:داود الجلبى,تحقيق:عماد عبدالسلام رؤف,المجمع العلمى العراقى ,مطبعة الاداب,(نجف:د.ت).
**نورى عبدالحميد العانى :**
-العراق فى القرن الخامس عشر,(بغداد:2002م).
**محمد محمد مفتى:**
-تاريخ الاوبئة ,المكتب الوطنى للبحث والتطوير, دار الكتب الوطنية,(بنغازى :2005م).
**ب- به زمانى فارسى :-**
**شيرين بيان :**
-تاريخ ال جلاير,انتشارات دانشگاه تهران,(تهران:1345).
**احمد تتوى**: واصف خان قزوينى
-تاريخ ألفى ((تاريخ هزار سالة اسلام)),مصحح:غلامرضا طباطبايى مجد,شركة انتشارات علمى وفرهنگى ,كتابخانه ملى ايران,(تهران:1382).
**ج- بەزمانی كوردی:-**
**مەهدی عوسمان هەروتی :**
-نەهامەتی وكارەساتەكانی كوردستان لەسەدەكانی "٦-٨ك/١٢-١٤ز",ناوەندی ئاوێر بۆ بلاو كردنەوە-چاپخانەی رۆژهەلات,(هەولێر:٢٠١٥),
**چوارەم: تێزی دكتۆراونامەی ماستەر:-**
**غامس خضير حسن الدورى:**

-الكوارث الطبيعية واثارها فى العراق حتى نهاية الدولة العباسية, اطروحة دكتوراه,جامعة بغداد-كلية الاداب,(بغداد:2004م).

**محمد حمزة محمد صلاح:**

-الكوارث الطبيعية فى بلاد الشام ومصر,رسالة ماجستير,جامعة الاسلامية-كلية الاداب,(غزة:2009م).

**پێنجەم: گۆڤار:-**

**أ-بەزمانی عەرەبی :-**

**نصير بهجت فاضل:**

-الطواعين فى صدر الاسلا والخلافة الاموية((دراسة فى المصادر العربية والاسلامية)),مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية,مج6-عدد(2),(كركوك:2011م).

**ب- بەزمانی فارسی:-**

**يعقوب اژند:**

-مرگ سياه در تاريخميانهء ايران,فرهنگ فصلنامه مطالعات تاريخى,شمارة دوم-سال اول,(تابستان:1368).**شەشەم : سایتی ئەنتەرنێت:-**

.www.Ideas.health.Vil.gov.au

**پاشکۆی ژمارە (١)** خشتەی ژمارە(١)/سال وشوێنی بلاوبۆوەی پەتای تاعون/جیهانی ئیسلامی

| ژمارە | ڕێکەوت | ناوچەی بلاوبۆوە |
|---|---|---|
| ١ | ٨٠٦ك/١٤٠٣ز | میسر- شام |
| ٢ | ٨٠٨ك/١٤٠٥ز | میسر |
| ٣ | ٨٠٩ك/١٤٠٦ز | تەبرێز- میسر |
| ٤ | ٨١٠ك/١٤٠٧ز | میسر-ئەسفەهان-موسل-شارەزوور-بەغداودەوروبەری- |
| ٥ | ٨١٢ك/١٤٠٩ز | شام |
| ٦ | ٨١٣ك/١٤١٠ز | شەنگارو دەوروبەری-میسر-شام |
| ٧ | ٨١٥ك/١٤١٣ز | میسر |
| ٨ | ٨١٨ك/١٤١٥ز | میسر |
| ٩ | ٨١٩ك/١٤١٦ز | عێراق-فارس-ئەسفەهان-میسر-فاس |
| ١٠ | ٨٢٠--٨٢٢ك/١٤١٧-١٤١٩ز | ناوچە کوردنشینەکان- میسر |
| ١١ | ٨٢٥-٨٢٦ك/١٤٢٢-١٤٢٣ز | ناوچە کوردنشینەکان- شام –میسر |
| ١٢ | ٨٢٨-٨٢٩ك/١٤٢٥-١٤٢٦ز | موسل-دیاربەکر-جەزیرە-نوسەیبین-ماردین-تاکوهەکاری-ئامێدی(عمادیە)-رۆژهەلاتی ئیسلامی-شیراز-ئازەربەیجان. |
| | | ولاتی کوردان(شارەزوور-جەزیرە-دیاربەکر)-عێراق-شام-میسر. |
| ١٣ | ٨٣٣ك/١٤٢٩ز | جەزیرە-دیاربەکروناوچەکانی دەوروبەریان. |
| ١٤ | ٨٣٥ك/١٤٣١ز | زۆربەی جیهان لە:رۆژهەلات-عێراق-ناوچەکوردنشینەکان(دیاربەکر-ئامەدودەوروبەری)-یەمەن-رۆژئاوای ئیسلامی لە باکوری ئەفریقیا- |
| ١٥ | ٨٣٨-٨٤١ك/١٤٣٤-١٤٣٧ز | میسر-شام-کیشوەری ئەوروپا. |
| | | میسر |
| ١٦ | ٨٤٧ك/١٤٤٣ز | هەرێمی دیاربەکر |
| ١٧ | ٨٥٠ك/١٤٤٦ز | میسر |
| ١٨ | ٨٥٢ك/١٤٤٨ز | کەیفاودەوروبەری-میسر |
| ١٩ | ٨٥٦ك/١٤٥٢ز | جەزیرە-شارەزوور-موسل-ئامێدی(عمادیە)-تاکرێ. |
| ٢٠ | ٨٦٠ك/١٤٥٦ز | رۆژهەلات(خۆراسان-هەرات)-میسر-شام. |
| ٢١ | ٨٦٣-٨٦٦ك/١٤٥٨-١٤٦١ز | ئەودیوی ڕووبار(سەمەرقەند) |
| ٢٢ | ٨٦٨ك/١٤٦٣ز | ناوچە کوردنشینەکان(هەولێر-شارەزوور-موسل)-عێراق-شام-میسر. |
| ٢٣ | ٨٧٣-٨٧٤ك/١٤٦٨-١٤٦٩ز | شام-میسر |
| ٢٤ | ٨٨١ك/١٤٧٦ز | تەبرێز-شام-میسر |
| ٢٥ | ٨٩٣ك/١٤٨٨ز | عێراق-شام-میسر-زۆربەی جیهان. |
| ٢٦ | ٨٩٧ك/١٤٩٢ز | میسر. |
| ٢٧ | ٨٩٨ك/١٤٩٣ز | |

**پاشکۆی ژمارە (٢)** خشتەی ژمارە(٢)/ساڵ وشوێنی بلاوبۆوەی پەتای تاعون/کیشوەری ئوروپا.

وەرگیراوە لە (جوزيف بيرن:الموت الاسود,ت:عمر سعيد الايوبى,ص١١)

| ژمارە | ڕێکەوت | ناوچەی بلاوبۆوە |
|---|---|---|
| ١ | ٨٠٢-٨٠٣ك/١٣٩٩-١٤٠٠ز | ئیتالیا-ئەوروپای باکور-ئەشبیلیە. |
| ٢ | ٨١٣-٨١٥ك/١٤١٠-١٤١٢ز | ئەوروپای ڕۆژئاوا-سیلیسیا-لیتوانیا. |
| ٣ | ٨٢٥-٨٢٧ك/١٤٢٢-١٤٢٤ز | ئیتالیا-ولاتی فلاندر-پورتوغال. |
| ٤ | ٨٣٣-٨٣٤ك/١٤٢٩-١٤٣٠ز | ئیتالیا-هوت ئەوفیرت(فەرەنسا). |
| ٥ | ٨٤٢-٨٤٣ك/١٤٣٨-١٤٣٩ز | ئیتالیا-فەرەنسا-پورتوغال-باکوری بەریتانیا-ئەلمانیا-سویسرا-هۆلەندا-ئۆلەندا. |
| ٦ | ٨٥٢-٨٥٤ك/١٤٤٨-١٤٥٠ز | باکوری ئیتالیا-فەرەنسا-باکوری ئەلمانیاورۆژئاواکەی-هۆلەندا. |
| ٧ | ٨٦٠-٨٦١ك/١٤٥٦-١٤٥٧ز | باکوری فەرەنسا-بەرشەلۆنە-ئیتالیا. |
| ٨ | ٨٨٥-٨٨٩ك/١٤٨٠-١٤٨٤ز | فەرەنسا-پورتوغال-ناوەراستی ئیتالیا-لەندەن-ئەلمانیا-پۆلەندا. |
| ٩ | ٨٩٩-٩٠٠ك/١٤٩٤-١٤٩٥ز | باشوری فەرەنسا-ئیتالیا-ئەراغۆن-ئسکتلندا-لکسمبۆرغ-ناوەراستی ئەلمانیا-نەمسا-بۆهیمیا-پۆلەندا. |

## وباء الطاعون وآثاره في القرن التاسع الهجري (15م)


### ملخص

شهد العالم الاسلامي خلال القرن التاسع الهجري (الخامس عشر الميلادي) العديد من الكوارث والمآسي. ومنها انتشار وباء الطاعون الذي تكرر مراتاً عدة. ومن المعروف ان هذا الوباء قد لعب دوراً خطيراً في مصائر الامم. حيث اباد عدداً كبيراً من السكان خلال تلك الفترة. كما ترك آثاراً سلبية اخرى عديدة. كنشوء الضائقات الاقتصادية وتدني الاوضاع المعاشية بسبب فقداد الايدي العاملة، كما أثر على ديموغرافية مناطق عديدة. بالاضافة الى الآثار الاجتماعية السلبية.

ان هذا البحث يمثل دراسة تحليلة لآثار ونتائج وباء الطاعون. وفي بداية البحث حاولنا شرح كلمة الطاعون من ناحيتي المصطلح والمعنى. ثم تناولنا حوادث انتشار الطاعون بصورة حولية. وبعد ذلك تطرق البحث الى دور السلطات في مجابهة هذا الوباء الفتاك. وفي النهاية يحاول البحث تحليل نتائج وآثار هذا الوباء من النواحي الاقتصادية والاجتماعية والدينية والفكرية.


## The plague during the ninth century A.H (15 A.D)


### Abstract

The Islamic world witnessed numerous disasters and tragedies during the ninth century A.H (fifteenth century A.D). Including the spread of the plague which has been repeated several times. It is known that the epidemic was plaid a critical role in the destiny of Nations. Which killed a large number of the population during that period. Also left many other negative effects. Such as economic distress and lower habitation, because of losing a lot of manpower, also, it has a Demography impact on many areas. with a negative social effects.

This research is analytical study of the effects and results of the plague. First we tried to explain the word of plague in both of terms and meaning. Then we dealt Chronologically with the accidents of spread of the plague. After that we studied the role of the authorities in responding to this deadly epidemic. In the end, the research is trying to analyze the results and impact of the epidemic of economic, social, religious and intellectual aspects.